# ڕێزدەگرین لە یادی هونەرمەند مەرزیەی فەرێقی

بەبۆنەی کۆچی بێوادە و دڵتەزێنی هونەرمەند مەرزیەی فەرێقی سەرەخۆشی دەکەین لە هونەرمەند ناسری ڕەزازی و منداڵانی خۆشەویستیان دڵنیا، ماردین و کاردۆ و لە بنەماڵەی فەرێقی و ڕەزازی و هەروەها لە هونەرمەندان و گەلی کورد.

مەرگی ناکاوی مەرزیەی فەرێقی تەنیا کوژرانەوەی زریوەی ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی هونەری کوردیی نییە، بەڵکو ماتەمی لەدەسچوونی ژنێکی کۆڵنەدەر و لێهاتووە بۆ کوردان، بۆ هونەرمەندان و بۆ ژنانی خەباتگێڕ. کەلێنی لەدەسچوونی ئەو وەکو مرۆڤێکی بەهەست، وەکو ژنێکی خەباتگێڕ، وەکو کوردێکی وڵاتپارێز و وەکو هونەرمەندێکی لێهاتوو، زۆر دیار دەبێت و داخ و کەسەری لەدەسچوونیمان بۆ گرانتر دەکات. خەباتی بێوچانی مەرزیە وەکو ژنێکی بەئەمەگ بۆ سەلماندنی توانایی هونەریی خۆی و هەروەها بۆ خزمەت بە گەل و ژنان و منداڵانی کورد، جێگەی شانازی ژنانی کوردە.

'ڕێکخراوی ژنانی کورد' بەشداری خۆبەخشانە و پشتیوانیی هونەرمەند مەرزیەی فەرێقی لە چالاکی هونەریی ساڵی 2000ی ئەم ڕێکخراوە دا لەبیرناکات و یادی ڕێز دەگرێت. هەروەها پشتیوانیکردنی ئەو هونەرمەندە لە 'داخوازینامەی ژنی کورد' بۆ هاوکارانی 'پرۆژەی ژنی کورد' بیرەوەرییەکی بەڕێزە. ئەگەر چرای ژیانی مەرزیەی فەرێقی لە ناکاو کوژرایەوە، دەنگی زۆلاڵی ئەو هونەرمەندەی کورد یادی لێهاتوویی و کۆڵنەدەری ژنی ئازای کوردمان بۆ زیندوو دەهێڵێت. ئەو یادە پیرۆز و ئەو ڕێبازە بەردەوام بێت.

ڕێکخراوی ژنانی کورد و پرۆژەی ژنی کورد

لەندەن 2005/9/24